The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# ڕونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر ناوی جاشەکانی شارەزوور
# لە لایەن ناوەندی چاکەوە

لە سایتی هاوولاتیدا ڕۆژی 24–7 هەواڵێکمان خوێندەوە گوایە ناوەندی چاك لیستی ناوی جاشەکانی شارەزووری لە ناحیەی زەڕایەن و دەوروبەری بڵاوکردۆتەوە :
http://www.hawlatinews.com/ku1/index.php?option=com_content&task=view&id=1414&Itemid=2

لێرەدا ئێمە ڕایدەگەیەنین , ئێمە لە ڕێگەی سایتی هاوولاتییەوە ئەم هەواڵەمان خوێندەوە , بۆیە هیچ پەیوەندییەکمان بەو ناوانەوە نییە و خاوەندارییەتی لەو بەیاننامەیە ناکەین بڵاوکردنەوەشی بەناوی ئێمەوە بە کارێکی دزێو و ترسناك دەزانین بە تایبەتیش کە خۆمان ئاگادار نەبین لێی , داوای لێبوردنیش لە هەر کەسێك دەکەین ناوی لەو لیستەدا هاتبێت و تاوانکار نەبێت , وەلیٚ دوبارەی دەکەینەوە چاك لەسەنگەری قوربانیاندایە بۆ بەدادگایی گەیاندنی سەرجەم تاوانکاران , کەی قوربانیان بیانەوێت ئێمە لە خزمەتیاندایین بیٚ دوودڵی , پشتگیری هەر هەوڵێك دەکەین لە لایەن کەسوکاری قوربانیانەوە بۆ بە دادگاییگەیاندنی تاوانکاران , وەلیٚ بڵاوکردنەوەی ناو بە ناوی ناوەندی چاکەوە بەبیٚ ئاگاداری ئێمە بە کارێکی ناپەسەند دەزانین , ئێمە نامانەوێت دادگایی تاوانباران ببێتە تەسفیەی حیساباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی , هەرچەندە بڵاوکردنەوەی ئەو ناوانە بەناوی ئێمەوە دەربڕی ئەوەیە چاك لە زاخۆوە بۆ خانەقین بۆتە جێگەی ئومێدی کەس و کاری قوربانیان و لاوانی ناڕازی وتێکۆشەر , دەرگایەك دیکە نییە خەڵك هانای بۆ ببات و دەستی پێوەبگرێت جگە لە چاك , هەر لێرەشەوە بە هەموانی ڕادەگەیەنین با ڕۆژی 31–7 بکەینە ڕۆژی هەڵمەتی سەرانسەری لە بواری ڕاگەیاندن و جەماوەری بۆ بە دادگایی گەیاندنی سەرجەم جاش و سیخوڕەکانی کوردستان .

**ناوەندی چاك**

**2007-7-25**

**www.chak.be**